# دەسەڵاتی كوردی و بەرپرسیاریەتی لە نەهامەتیەكانی ژنانی ئەنفالدا

محمد رەئوف / توێژەری كۆمەلایەتی

ژن ئەو كائینەی بەردەوام ئاوێتەی نەهامەتی و ئیش و ئازارەكانی ژیان بووە ، ئەوكاتانەی كۆمەڵگە روبەروی قەیران و كیشەو گرفت دەبێتەوەو كاریگەری لەسەر ژیانی تاكەكانی گۆمەڵگە دروست دەكات ، ژنان دەبنە قوربانی یەكەمی ئەو قەیران و نەهامەتیانە ، ئەنفالیش وەك كارەسات و كوشتنی ژیان و جوانیەكانی كۆمەڵگە و هەڵگری هەموو ماناكانی لێك دابران و مردن و زیندەبەچاڵ و تۆقاندن ، تا ئێستاش ئەوانەی بۆنی ئەو كارەساتەیان كردووە ماناكانی ژیان لەجەستەیاندا مردووەو ئەو رۆژگارە تاڵانە هەمیشە لە ناخیاندا بونی هەیە ، هەرچەندە ئەنفال مرۆڤ و رەگەزەكانی ژیانی بەبێ جیاوازی راماڵی ، بەلاّم ژنان زیاتر لە بۆتەی ئەنفالدا توانەو ەو بونە بەشێك لە خۆلەمێشی ئاگردانی ئەنفال ، سەرەتای نەهامەتیەكانی ژنان لە تۆبزاواو نوگرەسەلمانو دبسەوە دەست پێدەكات ئەو كاتانەی پۆستاڵ رەشو دەرون رەشەكان لەگەڵ سەگە رەشەكانی ئەویَ ئازاری جەستەو دەرونی ژنانیان ئەدا ، ئەوكاتانەی كەرامەتی ژنانیان ئەت ئەكرد لەوێوە جەستەو دەرونی ژنانی ئەنفالیان تێك شكاند و بو بە مۆركی لێنەبراوەی ژیانیان ، ئەو كاتەی چیرۆكە پر لە ئازارو نەهامەتیەكانی رۆژانی ئەنفال لە زاری ژنانەوە ئەبیستین ، جەستەمان ئەلەرزی ، ئەوكاتەی رەحمە عبدالكریمی رزگاربوی ئەو دۆزەخە بەچاوی خۆی لە تۆبزاوا دەیان دەستدرێژی سكسی بینیوەو ئاماژە بەو كچە جوانە دەكات كە بە چەندین سەرباز دەست درێژی سێكسیەكان كردە سەری و دوایی شێت بوو بە زنجیر دەیان بەستەوە . ئەوكاتانەی ئافرەتێكی دەربازبوی عەرعەر دەلّیَ رۆژی وا هەبووە دە دوانزە سەرباز هاتونەتە لام و دەست درێژی سێكسیان كردۆتە سەر ناموسم . ناكریَ ئەو رۆژانە لە ژیانی ژنانی ئەنفال دابری و نەیكەیتە سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لە تێكشكاندنی رەهەندە سایكۆلۆجی و كۆمەلایەتیەكانی پاشماوەی ئەنفال ، بۆ تێگەیشتن لەو رەهەندانەش پێویستمان بە گەرانەوە بۆ و چیرۆكو رۆژە رەشانە هەیە كە ژنان تیایدا ئازاریان ئەچەشت ، گەر لەو لێكۆڵینەوەو توێژینەوانە بنوارین كە لەسەر لایەنی سایكۆلۆجی و كۆمەڵایەتی ژنانی پاشماوەی ئەنفال كراوە ئەو راستیانەمان بۆ دەر دەكەوێت كە ژنانی پاشماوەی ئەنفال لە بارێكی دەرونی ئاڵۆزدا دەژین ، هەروەك لە راپرسیەكی كتێبیَ ( ئەنفال و رەهەندە سۆسیۆلۆجیەكانی) دا هاتووە 57٪ ژنانی پاشماوەی ئەنفال روبەروی گرفت و كێشەی دەرونی بونەتەوەو ئەمەش كاریگەری لە سەر رەوتی ژیانیان جێهێشتووە ، ئەم نەخۆشیە دەرونیانەش لە ئەنجامی ئەو نەهامەتی و ئازارانەدا بووە كە لە زیندانەكاندا چەشتویانەو تا ئێستاش بەدەستیەوە دەناڵێنن ، ئەمە سەرەرای دەیان ساڵ لە چاوەروانی نەوەكانیان ، هاوكات خراپی باری گوزەرانی پاشماوەكانی ئەنفال زیاتر سایكۆلۆجیەتی ئەو مرۆڤانەی تێك شكاندوو ئازارەكانی قوڵتركردن ، بۆیە تێكشكاندنی سەرجەم رەهەندە كۆمەڵایەتی و دەرونی و بوارەكانی ژیانی ئەم مرۆڤانە لەشاڵاوەكانی ئەنفالدا و هەوڵ نەدان بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاو بۆیان لە دوای راپەرینەوە ، برینەكانی زیاتر قوڵكرد و ئەو نەخۆشیە دەرونیانەشی كە لەئەنجامی ئەو كارەساتەدا دوچاری بون بوە نەخۆشیەكی درێژخایەن بۆیان ، هەربۆیە لێرەوە بەرپرسانی كوردی بەرپرسیاریەتیەكی گەورەیان لەو دۆخە ئاڵۆزەی ژیانی پاشماوەی ئەنفال و نەخۆشیە دەرونی و كۆمەڵایەتیەكانیان لە ئەستۆدایە ، خراپی بارودۆخی ژیانی ئابوری ئەو مرۆڤانە هیندەی تر سایكۆلۆجیانی تێك شكاند و روخاندنی هەرلە راپرسیەكەی ئەو

کتێبەدا کە ئاماژەی پێکرا هاتووە 77٪ پاشماوەی ئەنفالەکان باری ئابوریان خراپەو لە ژێر پلەی ژیانی مرۆڤی ئاساییەوەن.و 77،45٪تاساڵی 2002 هیچ جۆرە هاوکاریەکیان چ لەلایەن حکومەت و چ لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە پێنەگەیشتووە . بۆیە ئەگەر ڕژیمی بەعس توانی لە کارەساتەکانی ئەنفالدا برینێك لەجەستەی مرڤی کورددا دروست بکات ، ئەوا دەسەڵاتی کوردی ئەو برینەی قوڵتر کردوو زامەکەی بەسوێترکرد .

ئەمرۆش ژنانی پاش ماوەی ئەنفال لە نێو بۆتەی دەرونی تێکشکاویاندا ئەتلێنەوەو نە دەروازەیەك دەبینن بۆ رزگار بونیان نە ئاسۆیەکیش بۆ سوککردنی نەهامەتیەکان ئەوکاتانەی ڤێلاو ریزە مۆنیکاکانی بەرپرسە بەناو بەرپرسەکانی ولاتەکەیان دەبینن کە تەنها چاویان لە بەرزکردنەوەی تەلارەکانیان و شێوازی ڤێلاو ئۆتومبیلە ئاخر مۆدێلەکانن ، ئیدی نە ئاسۆیەك دەبینن بۆ دوارۆژیان و نە هیوایەك بۆ ژیان ، نە ویژدانێك دەبینن لەو پیاوانەی  کە بەتەنها خۆیان و تفەنگ و پێڵاوە لاستیکەکانەوە چاوەروانی تیکە نانێنێکی دەستی ژنە رەشپۆشەکانی گەرمیان بوون ئێستا بونەتە فیرعەونی کورد ، نە تولە رێیەك دەبینن  بۆ رزگار بون لەو دۆزەخەی بەباڵایانا براوە ، بۆیە ژنە رەشپۆشەکان بەدەم دوو ئازارەوە دەناڵێنن  ، برینێکی سارێژ نەبووی  پۆستاڵەرەشەکانی بەعس و حەجاجەکانی دوێنێیە،  بەڵام ئازاری بەسوێیان بەرپرس و بودەلەکانی ئەمرۆمانە کە تەنها ستراتیژیان پرکردنی گیرفانەکانیان و فراوانکردنی کۆشکەکانیانە وهەرگیز لە ئازارو خەمەکانی مەملەکەتی ئەنفال نازانن !!!!!!!!